# ڕێگای کەمترین قوربانی!

**بەشدار عەلی**

Bashdar_net@yahoo.com

بە پێچەوانەی ئەوانەی کە خۆیان هەمیشە لەنێو خەیالاتی پەرش وبلاویان نوقم بوون, دامەزراندنی دەولەتێکی سەربەخۆ بۆ خەلکی کوردستان وبەرەسمی ناسینی مافی هاولاتی یەکسان بۆ هەمووان, واقیعترین وکارسازترین وکەم مەترسیترین وکەم قوربانیترین ڕێگا ڕزگاری خەلکی کوردستانە لەدەست پلەدوویی و ژێر دەستەیی و زولم و چەوساندنەوە, ئەوانەی کە کار بۆ دامەزراندنی ئەم دەولەتە ناکەن ودەبنە ڕێگر لەبەردەم خەلکی کوردستان، ئەوانە هەمیشە نانیان لەسەر چەوساندنەوەو سەرگەردانی خەلکەکەیەوە خواردووە, ئاوابوون وبابردنی ئەوان یەکسانە بەجیابوونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەولەتێکی غەیرە قەومی و سیکۆلار.

بەلگەکان و ڕووداوەکانی سێ سالی ڕابردووی عێراق و کوردستان و ناوچەکە پێمان نیشان ئەدەن کە تەنها جیابوونەوەی کوردستانە دەتوانێ بەر بەدووبارە نەبوونەوەی هێرش و پەلاماردان و ئەنفال و جینۆسایدو تیرۆر و تۆقاندن بگرێت.

شانزدە سالە مێژووی ژیانی خەلکی کوردستان لەڕووی ئابووری وسیاسی وکۆمەلایەتی و فەرهەنگی جیاوازە لەگەل بەغداو بەسرە, ئەمە جگە لە نقوم بوونی کۆمەلگای عێراقی دوای سەدام لە گێژاوو بێ سەروبەرەیی و نەبوونی ئەمنیەتدا, لەگەل هەرەشە بەردەوامەکانی حکومەتی بەغدا کە لەسەر بنەمای تائفی و مەزهەبی و قەومی بنیاتنراوە لە خەلکی کوردستان و کە ئەم حکومەتە ئەگەر لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ لە ڕژێمی بەعس مامەلەی باشتر نابێ لەگەلمان, لەچەندین شوێنی تردا باسم کردووە تەسلیم کردنەوەی خەلکی کوردستان بە حکومەتێکی لێواولێو لە گەندەلی و تیرۆرو تەقاندنەوەو پشت بەستن بەسیاسەتەکانی ئەمریکا, گەورەترین هەلەی دەسەلاتدارانی کوردستان بوو, زوو یا درەنگ ئەگەر فریای خۆمان نەکەوین دەبێت باجەکەی بدەین. پێویست ناکات سیاسی و ڕۆشنفکرو فەیلەسوف بیت تا لەمەبەست و ئامانجی سەرەکی وهاوپەیمانیەتی ئەمریکا لەگەل کوردستان تێبگەیت ئەمریکا بەمەبەستی بەرژەوەندی تاکڕەوانەو سەرمایەداری خۆی بە هەزارەها کیلۆمەتری بڕیوەو دەیەوێت بەهێزترین دەسەلاتی لەناوچەکە هەبێت و زۆرترین قازانج کۆ بکاتەوە, بۆئەمەش بەپێی گۆڕانی بارودۆخان مامەلە دەکات وگوێ بۆ هیچ هاوپەیمانی و ڕێکەوتنێك نادات. ڕاپۆرتەکەی بیکر – هاملتون باشترین بەلگەی ڕستەکانی سەرەوەیە. پشت بەستن بە ئەمریکا و تێکەلاوی لەگەل حکومەتێکی ئیسلامی و تائفی لە ژێر ناوی (فیدرالیزم) کەتاکو ئەم ساتەش هیچ یەکێك لە بەرپرسەکانی ئەم حکومەتە دان بەم فیدرالیە نانێت, ئەمە کارێکی خەتەرناکەو قابیلی قبول کردن نیە, هەر هەلوێست و ڕەفتاری میلشیایی و تاکڕەوانەی حکومەتی بەغدا لەبەرامبەر هەرێمی کوردستان و مەسەلە چارەنووسسازەکانی خۆی نیشانەی پرسیارێکەو نابێت گوێی خۆمانی لێ بخەوێنین. ئێوە سەیرکەن پلانی نوێی بوش ئێستا لەسەر بنەمای گۆڕینی دەستوورو دابەش کردنەوەی دەسەلاتە, سەبارەت بە کوردستانیش لێسەندنەوەی ئەو دەسکەوتانەیە کە یەکێتی و پارتی دوایی پرۆسەکانی سیاسی و ڕێککەوتن بە دەستیان هێناوە لە عێراق , هەروەکو ناونەهێنانی فیدرالیزم و مەرکەزی کردنەوەی بەرهەمەکانی نەوت لە ژێر چنگ دەرهێنانی لە حکومەتی هەرێم و ناردنی پێشمەرگە بۆ باشوورو ئەمە جگە لە نەدانی چەندین دەرمالەی تایبەت بە موچە خۆران و فەرمانبەرانی کوردستان.

ئەمریکا بە عەلەنی و ئاشکرا ڕایگەیاندووە کە سیاسەتی لەناوچەکە شکستی خواردووە ئەحزابی ناسیۆنالیستیش وەکو بەشێك لە سیاسەتەکەی دەبێت باجەکەی بدەن, ئەم شکستەی ئەمریکا لەلایەکی تر دەرگای ئاوەلا کرد بۆ هەرەشەو ئامادەیی هێرشی سەربازی تورکیا لەژێر بەهانەی لێدانی پەکەکەو پاراستنی تورك زمانەکانی عێراق, کە ئەمەش گەورەترین و خەتەرناکترین هەرەشەیە بۆسەر خەلکی کوردستان و دیسانەوە مالوێرانکردنیان. بۆیە گۆڕینی سیاسەتی ئەمریکاو پشتکردنی لە کوردستان و هەرەشەکانی تورکیاو دەولەتانی تری ناوچەکەو ڕەفتارو هەلوێستی حکومەتی بەغدا سەرباری خراپترین وەزعیەت لەبەغداو شارەکانی ترو گیرۆدەبوونی خەلکی کوردستان بەچەندین کێشەی بنەڕەتی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی...هتد. دەبێت زەنگێکی بەهێزبێت بۆ دەسەلاتدارانی کوردستان و چیتر هەلەکان لەبارنەبن بۆ دەست ڕاگەیشتنی خەلکی کوردستان بەژیانێکی ئارام و هێمن و پێداویستیە ڕۆژانەییەکان و دوورکەوتنە لە ستەم وهەلاوردن لەڕێگای دامەزراندنی دەولەتێکی سەربەخۆ لە کوردستاندا لە ڕێگای ریفراندۆمێکی سەرتاسەری لە کوردستان لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی تری پەیوەندیدار لە جیهاندا.

سەبارەت بەشاری کەرکوك و ناوچەکانی تریش بەهەمان شێوە دوایی دامەزراندن و بەرەسمی ناسینی دەولەتی کوردستان لە ڕێگای ریفراندۆمێکەوە چارەنووسی خۆیان یەکلایی دەکەنەوە بەبێ ئەوەی ئاشوبی شەڕی قەومی لێبکەوێتەوە کە ئێستا خەریکە لە کەرکوك بەدی دەکرێت و وەزعیەتی خەلکی تەواو شلەژاندووە.

سەرباری ئالۆزی و گرانی لە جێبەجێ کردنی کارێکی لەم شێوەیەو زۆری ڕێگریەکان بەلام ئالوگۆڕو ڕووداوەکان بەخێراییەکی یەکجار زۆردا گوزەردەکەن پێویستە بەزووترین کات کار بکەین. تەنها وتەنها دامەزراندنی دەولەتێکی وسەربەخۆی غەیرە قەومی دەتوانێ بەر بە دووبارە نەبوونەوەی ئەنفال و کیمیاباران و گۆری بەکۆمەل و گوللەباران کردن و ترس وتۆقاندن و ڕفاندن و زولم وستەم و نایەکسانی و پلە دووبی و سەرگەردانی و مالوێرانی دەربەدەرییەکان بهێنی.